**٣٠ی ئاب رۆژی جیهانی بێسەرووشوێنکراوان**

ئەمرۆ ٣٠ی ئاب رۆژی بێسەروشوێنکراوانە لە جیهان, کوردستانیش هەرێمێکە لە وڵاتێك چ خۆی و چ عێراق یەکێکە لەو ٨٠ وڵاتەی جیهان کە هاووڵاتیانی تێدایە بێسەروشوێنکراون بەهۆکاری سیاسی.
لە جیهاندا ژمارەی بێسەروشوێنکراوان بە ٥٢٢٥٠ کەس دیاریکراوە, ئەوانەن تۆمارکراون لە ناوەندە جیهانیەکان بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوری جیهانی و هاوپەیمانی جیهانی دژ بە بێسەرو شوێنکردن و .... لە کاتێکدا تەنها ژمارەی بێسەرو شوێنکراوانی ئەنفال و بارزانی و فەیلی و ئێزیدی و ...چەندین بەرابەری ئەو ژمارەیەیە, تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەمی نەبێت چارەنووسیان دیارینەکراوە, تەنانەت ئەو روفاتانەی دۆزراوینەتیشەوە بەهۆی نەناسینەوەیان بە بێسەروشوێنکراو هەژمار دەکرێن, بە شێوەی گشتی ژمارەی بێسەروشوێنکراوان لە جیهان خۆی دەدات لە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەس, هەروەها لە ٣٠ وڵات زیندانی نهێنی بوونی هەیە, لە ناویاندا لە عێراق.
بێسەروشوێنکردن تاوانێکی زەقی مافی مرۆڤ و یاسای نێو دەوڵەتی و جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤە, بە پێی پەیماننامەی رۆما دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە, کات و شوێن تاوانەکە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە, بنەماڵەی قوربانی مافی قەرەبوو و زانینی راستییەکانیان هەیە, هیچ دەسەڵات و گروپێك مافی بێسەروشوێنکردنی هاووڵاتیانیان نییە, کە تاوانکار بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نابێت لە سزا رزگاری بێت.
بێسەرو شوێنکردن پێشێلی مافی یاسایی تاك,مافی ئازادی و ئاسایش, مافی ئەشکەنجە نەدان , مافی ژیان, مافی ناسنامە, مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە, مافی قەرەبوکردنەوە, مافی وتنی راستییەکان, مافی ئابووری, کۆمەڵایەتی, رۆشنبیری, مافی ئاستی ژیان, مافی تەندروستی و فێربوون, مافی کەرامەت و داوالێبوردنکردنی قوربانی ..ە.
لەم بۆنەیەدا وێڕای ئیدانەکردنی بوونی سەدان دیاردەی بێسەروشوێنکردن بەهۆی عەقیدەی سیاسیەوە لە باشووری کوردستان و دەیان هەزار لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن رژێمە دکتاتۆرییەکانی ناوچەکەوە, داواکارین :
١- پێویستە لیستی ناوی بێسەروشوێنکراوان, هۆکاری بێسەروشوێنکردن و هۆکاری مردن, شوێنی مردنیان بڵاو بکاتەوە, ئەوانەشی ماون ئازاد بکرێن.

٢- شوێنی کۆکردنەوەی بێسەروشوێنکراوان بپارێزرێت و بۆ یادەوەری بێسەرو شوێنکراوان و دروست کردنی مۆنمێنتی یادەوەرییان.
٣- بە یاسا بێسەروشوێنکردن لە کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە قەدەغە بکرێت.
٤- داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکرێت و پەیمانی دوبارە نەکردنەوەی تاوانی لەو جۆرە بدرێت.
٥- روفاتی قوربانییەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسوکاریان.
٦- قەرەبووی ئابووری کەسوکاریان بکرێتەوە بۆ ماوەی رابردوو, ژیانێکی شەرافەتمەندانەیان بۆ دابین بکرێت لە روی دارایی و خوێندن و چارەسەری تەندروستی.
٧- مافی کەسوکاری بێسەروشوێنکراوانە هەموو راستییەکان لە سەر بێسەروشوێنکردنی رۆڵەکانیان بزانن, تەواوی زانیارییەکانیان لە بەرواری بێسەروشێوێنکردنەوە بۆ ئاشکرا بکرێت.
٨- بە یاسا پارێز بەندی بۆ کەسوکاری قوربانیان, پارێزەرەکانیان, رێکخراوەکانیان دیارییکرێت بۆ وتنی راستییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان.
٩- پێویستە زیندانەکان سجلی هاتووان و دەرچوانی هەبێت, هیچ کەسێك لە دەرەوەی زیندانە فەرمییەکان زیندانی نەکرێن و بوونی زیندانی نهێنی وەك تاوان سەیر بکرێت.

رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید
تۆڕی KONCICC
هەڵمەتی دادپەروەری

٢٠٢٤-٨-٣٠

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠